The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja


Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# داوەتنامەی کۆنگرەی چاک بۆ ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و دڵسۆزان و چالاکان لە کێشەی ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد. لە 30.5 تازە کراوەتەوە

ئەگەر چی ئێمە ویستمان وەک ڕێزێک هەموو ئەو کەسانە بۆ کۆنگرەی چاک داوەت بکەین کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دڵسۆزیی خۆیان لە کێشەی جینۆسایدکردنی گەلی کورددا دەرخستووە، بەڵام زۆریی ژمارەی ئەو بەڕێزانەی کە شایانی داوەتکردنن و مانەوەی هەندێکیان وەک سەربازێکی ون وای کردووە کە مەحاڵ بێت بتوانین ناوی هەموویانمان بە بیردا بێت و بتوانین بیانخەینە لیستێکی دیاریکراوەوە. بۆیە لێرەدا بەم نامەیە داوەتی هەموو ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و دڵسۆزان و چالاکان لە کێشەی ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەکەین. تکایە هەموو ئەو بەڕێزانەی ئەم داوەتنامەیە دەیانگرێتەوە، لە باری هاتنیاندا بە ئیمایل ئاگادارمان بکەنەوە. ئەم داوەتنامەیە جێی لیستی ناو داوەتنامەکانی تر دەگرێتەوە.

**پاش چوار ساڵ لە کار و چالاکیی بەردەوامی (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک) و پاش پەرەسەندن و گەشەکردنێکی بەرچاو و بەدەستهێنانی کۆمەڵێک دەستکەوت، لە بواری ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورددا و زیاتربوونی ئەرکەکانی و گەشەکردنی بەشەکانی لە سەرانسەری جیهاندا، بڕیارمان دا کە ئەمساڵ کۆنگرەیەکی زیندوو لە وڵاتێکی ئەوروپیدا ببەستین.**
**ئەم کۆنگرەیە لە وڵاتی ئەڵمانیا لە شاری کۆڵن، لە 3 و 4 ی مانگی شەشدا دەبەسترێت. بەشی یەکەمی کۆنگرە، کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکەم دەبێت، بۆ کردنەوەی کۆنگرە و مێوانانی بەڕێز و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیامنێران تەرخان دەکرێت، بۆیە (چاک) خۆی بە سەربڵند دەزانێت کە بانگهێشتی بەڕێزتان بۆ ئەم کۆنگرەیە بکات. دڵنیاین کە کۆنگرەکەمان بە بەشداری و تێبینی و پێشنیارەکانی بەڕێزتان دەوڵەمەندتر دەبێت. ئەگەر لەبەر هەر هۆیەکیش بێت، نەتانتوانی لە کۆنگرەدا ئامادەبن و ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن، دەتوانن لە ڕێگای ئیمایلەوە، بروسکە و نامەکانتان بۆ کۆنگرە بنێرن.**
**تکایە بۆ ئەوەی باجی تایبەت بە هاتنە ژوورەوەتان بۆ ئامادە بکرێت، پێش 2.6.**2006 **لە ئامادەبوونتان و بوون یان نەبوونی پەیامی تایبەتیتان، ئاگادارمان بکەنەوە.**
**لێرەدا بە داخەوە ناچارین ڕای بگەیەنین کە لەبەر نالەباریی باری ئابووری (چاک)، ناتوانین هیچ جۆرە خەرجێکی میوانانی بەڕێز لە ئەستۆ بگرین.**

# ناونیشان و ڕێنمایی بۆ گەیشتن بە شوێنی کۆنگرەی چاک




## کاتی کۆنگرە

**03.06.2006**

کاتژمێر **10:00** ی بەیانی

## ناونیشان

Alte Feuerwache

Melchiorstr. 3

50670 K**ö**ln

**Tel: 00 49- 221- 9731550**

## ڕێنمایی بۆ گەیشتن بە شوێنی کۆنگرە

لە دەوروبەری شوێنی کۆنگرەکە( Alte Feuerwache) جێگای ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبیل کەمە، لەبەر ئەوە ئامۆژگاریتان دەکەین کە هێڵەکانی هاتوچۆی گشتی ناو شاری کوێلن( کۆڵن) بەکار بهێنن کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. دەتوانن لە وێستگای سەرەکیی شاری کوێلنەوە **(Köln Hauptbahnhof)** هێڵەکانی میترۆی 5 و 6 و 12 و 15 و 16 و 17 18 و 19 بەکار بهێنن. لە دووهەمین وێستگا واتا وێستگای **Ebertplatz** دادەبەزن و بە ئاراستەی **Neusser Str.** دەڕۆن لەوێوە بە 5 خولەک بە پێ دەگەنە جێگای مەبەست.
2. دەتوانن لە وێستگای سەرەکیی شاری کوێلنەوە **(Köln Hauptbahnhof)** هێڵی هاتوچۆی خێرا واتا **S-Bahn** ژمارە **S 6 , S 11 , S12** بەکار بهێنن، تا وێستگەی **Hansaring** لەوێوە بە 5 خولەک بە پێ دەگەنە جێگای مەبەست.
3. هێڵەکانی پاسی **134** و **148** بەکار بهێنن تا وێستگای Ebertplatz لەوێ دادەبەزن و بە ئاراستەی Neusser Str. دەڕۆین لەوێوە بە **5** خولەک بە پێ دەگەنە جێگای مەبەست.
4. بۆ ئەو کەسانەی کە بە ئۆتۆمۆبێل دێن، دەتوانن سەیری نەخشەی هاوپێچ بکەن.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بە یەکێک لەم 2 ژمارە تەلەفۆنەوە بکەن.

ڕوناک ئەحمەد **004917622389696**

موحەمەد خەیروڵڵا **004917670083671**

یان پەیوەندی بەم ئیمایلەوە بکەن، کە تایبەتە بە کاروباری کۆنگرەی (چاک)
**chak_kongre@yahoo.com**

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد -چاک
لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە
2006/5/30